# کۆمسیۆنی باڵا نیگەرانە لە کاری حیزبی دەسەڵاتدار.. پەیامنێر- سلێمانی

ئێوارەی چوارشەمەی رابرودوو ئۆفیسی سلێمانی (کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان) کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی بۆ (عادل لامی) بەرێوبەری گشتی کۆمیسۆن لە سلێمانی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن و نوێنەری قەوارە سیاسییەکان ساز کرد و تێدا نیگەرانی نیشاندا لە دەستخستنە ئیش و کاری کۆمیسۆن لە هەندێ بنکەی هەڵبژاردندا لەلایەن حیزبی دەسەڵاتەوە.

(عادل لامی) ئەوەی خستە روو کەلە هەڵبژاردنی رابردوودا هەڵە کراوە لەلایەن کارمەندانی کۆمیسۆنەوەو هوڵیان داوە کە ئەم جارە بەرو چارەسەری بەرن، هەروەها باسیشی لەوە کرد کە دەبێت کۆمیسۆن لە لای لایەنە سیاسییەکان جێگای رێز بێت و خرووقات روو نەدات.

بەرێوبەری گشتی ئاشکرای کرد کە (حەمە ساڵح حەمە ئەمین) بەرێوبەری ئۆفیسی سلێمانی لابراوەو کراوە بە بەرێوبەری دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەریچمی کوردستان و (لەتیف مستەفا) کراوەتە بەرێوبەری سلێمانی.

(حەمە ساڵح) لە لێدوانێکیدا وتی: من دوای دەنگدان لەسەر دەستور دەستم لە کار کێشایەوە، بەڵام کۆمیسۆنی باڵا رازی نەبوو"

لەبارەی واستەو واستە کاری لە هەڵبژاردنی چاودێری بنکەکان وتی: بە راستی جێگەی داخە کە لە هەندێ بنکە خیانەتیان لە ئێمە کردووەو بە خزمایەتی و ناسراوی چاودێر دانراوە "

هەر دەربارەی هەڵەو کەم و کوڕی لە لیستەکاندا (عادل لامی) وتی: نوێنەرمان چووتە (کەنەدا) بۆ ئەوەی ئەمجارە ناوەکان بە پیتی (ئەبجەدی) بێت و ئەو چەند لیستەش لەیەك بنکە دا چارەسەر دەکەین.